## یاسای بوجەی ساڵی (٢٠٠١)ی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ١**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠١/١/٩**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣)لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و لەسەر داواکاریی وەزیری دارایی وئابوری و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە(٣)ی رۆژی (٢٠٠١/١/٩)دا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

### یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠١
### یاسای بوجەی ساڵی (٢٠٠١)ی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

١- بۆ خەرجی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و وەزارەتەکان و ئیدارەکانی هەرێم بۆ ساڵی (٢٠٠١) کۆی (٢ ٢٧٢ ٣٢٥٠٠٠) دینارو (١٨٠٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی دادەنرێ:

أ- بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق کۆی (٣٨ ٢٥١٠٠٠) دینارو (١٨٠٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی.

ب- بۆ وەزارەتەکان و ئیدارەکانی هەرێم کۆی (٢ ٢٣٤ ٠٧٤٠٠٠) دینار.

٢- بۆ بوجەی ساڵی (٢٠٠١)ی کارگە و سەنعەتگاو دایەرەو شیرکەت و بانکی بازرگانی و بانکە پسپۆرە خۆماڵدارکارەکان (ذات التمویل الذاتی) کۆی (٣٥٦ ٧٥٤٠٠٠) دینار دادەنرێ:

أ- بۆ کارگە و سەنعەتگا و دایەرە و شیرکەتەکان کۆی (٣٣٦٧٠٥٠٠٠) دینار.

ب- بۆ شیرکەتە بازرگانییەکان کۆی (٢٠٠٤٩٠٠٠) دینار.

٣- بۆ بوجەی پلانی (الخطه) ساڵی (٢٠٠١) کۆی (٥٩٧٩٠٠٠٠٠) دینار دادەنرێ.

٤- بۆ ئەو ناوچانەی کە ئێستا کەوتوونەتە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە، هەمان ئەو تەخصیصاتە ئیعتیماد دەکرێن کە لە بوجەی ساڵی (١٩٩٧)ی هەرێمدا تەسدیق کراوە.

**ماددەی دووەم:**

کۆی داهاتی ساڵی (٢٠٠١)ی هەرێمی کوردستانی عێراق بە (١٤٩٢٤١١٨٧٠) دینار دەخەملێنرێ.

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەتی دارایی وئابووریی هەرێمی کوردستانی عێراق بە پێی داهاتی دارایی بەردەست (المتاحه) پارەدارکردنی حساباتی وەزارەتەکان و ئیدارەکان دەگرێتە دەست.

**ماددەی چوارەم:**

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بۆی هەیە لەناو بوجەی تایبەتی ئەنجومەندا موناقەلە بکات.

**ماددەی پێنجەم:**

دەسەڵات بە وەزیری دارایی و ئابووری دەدرێ کە لەنێوان ئیعتیمادەکانی هەمان دەروازەدا موناقەلە بکات، تەنیا بەشی مووچە نەبێت کە دەشێ بۆی نەقل بکرێ و ناشێ لێی نەقل بکرێ.

**ماددەی شەشەم:**

وەزیری دارایی وئابووری بۆ مەبەستی فەراهەمکردنی ئەرک ومەسرەف بۆ ئەو ئیدارانەی کە بەبڕیار لە وەزارەتێ دابڕ دەکرێن و دەدرێنە وەزارەتێکی دی، بۆی هەیە موناقەلە لە نێوان ئیعتیماداتی دەروازەکانی بوجەدا بکات.

**ماددەی حەوتەم:**

دەسەلآت بە وەزیری دارایی و ئابووری دەدرێ کە بوجەی تەسدیقکراوی ساڵی (٢٠٠١) بەرێژەی (١٪)ی کۆی ئیعتیمادە تەسدیقکراوەکانی بوجەکە زیاد بکات:

١- ئیعتیمادکردنی ئەو برە پارانەی کە بۆ بوجەی ئیدارە تازە دانراوەکانی ئەو ساڵە پێویستن.

٢- زیاد کردنی ئیعتیماداتی نوێ بۆ بوجەی وەزارەت وئیدارەکان لەکات و حاڵەتی ناکاودا کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات.

**ماددەی هەشتەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری، لەبەر رۆشنایی کۆی هەموو ئەو مووچانەی لە بوجەدا تەسدیق کراوە، تەیارو ئامادە کردنی یەکەکانی میلاکی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، هی ساڵی (٢٠٠١) و تەسدیقکردنیشیان دەگرێتە دەست خۆی.

**ماددەی نۆیەم:**

دەسەلآت بە وەزیری دارایی و ئابووری دەدرێ لە ماوەی دوو هەفتەدا کە لە رۆژی دەرهێنانی ئەم یاسایەوە دەست پێ دەکا، رێنمایی پێویست بۆ دیارکردنی دەسەلآتی سەرف کردن بۆ ئیدارە حکومییەکان دەربکات.

**ماددەی دەیەم:**

وەزیری دارایی وئابووری بۆی هەیە، بۆ ساناکردنی بەکارخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە رێنمایی پێویست دەربێنێ.

**ماددەی یازدەهەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی (١/١/٢٠٠١) ەوە دەخرێتە کارو، لە وەقایعی کوردستانیشدا بلاو دەکرێتەوە.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**